## چەکی کیمیاوی بە چەند چرکەیەك فرێ دەدرێتە خوارەوە بەڵام بەسەدان ساڵ کاریگەرییە خراپەکانی بەردەوام ئەبێت.

## بابەت : نامەیەکی کراوە لە دەربازبوانی چەکی کیمیاوی : لە سوریا ، ئێران ، هەرێمی کوردستان- عێراق بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان

دوای تێپەربونی سەدەیەك ئەمرۆ جیهان یادی یەکەم بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئیپرن ئەکاتەوە لە ساڵی ١٩١٥ بەڵام مەترسی چەکی کیمیاوی هێشتا لە ئارادایە، لەکاتێکدا یادی قوربانیانی چەکی کیمیاوی ئیپرن ئەکەینەوە کەهەمان چەك لەم کاتەدا بەرانبەر بەهاوڵاتیانی سوریا بەکاردێت .

ئێمە وەك دەربازبوانی چەکی کیمیاوی لە چەند وڵات و بیروباوەرو پێکهاتە و ڕەگەزی جیاواز باش دەزانین بەرپرسیارێتی بەکارهێنانی ئەم چەکانە لە ئەستۆی کێدایە، شایەتی ئەوەشین بەرپرسیاریەتی یەکەم لە ئەستۆی ئەو رژێمانەدایە کە چەکەکانیان بەکارهێنا بەرانبەر بە ئێمە، ئەو ڕژێمانەی کە بۆ دەیان ساڵ بە ئێمەیان دەگوت (ئێمە دوژمنی یەکترین) هەربۆیە لێرەدا ئێمە وەك کۆمەڵێك هاوڵاتی باش دەزانین تاقە دوژمن ئەو کەسانەن کە سڵ لە پێشێلکاری ماف مرۆڤ ناکەنەوە تا ئاستی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویش هەم لەجەنگداو هەم لەدژی خەڵکی مەدەنی .

ئێمە لە سەدەی رابوردودا ڕوبەڕوی هەمان تراژیدیا و لە دەستدانی گیانی ئازیزانمان و بریندار بونیان بوینەوە و هەتا ئەمرۆش ئەو ئازارانە بەردەوامن.

دەیان ساڵ دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە ئێران ، ٢٨ ساڵ دوای بەکارهێنانی ئەم چەکە لە گوندو شارۆچکەکانی کوردستان هێشتا کاریگەریەکانی ئەو چەکانە چ لەسەر جەستەو ناوهەناوی بریندارەکانمان و چ لەژینگەماندا بەرجەستەن و نەوەکانی داهاتوش بەدەست کاریگەریەکانەوە دەناڵێنن. باشترین بەڵگەش بریندارەکانمان و بوونی چەندین جۆرنەخۆشی بۆماوەیی و دەرونی بەرهەمی ئەو جۆرە چەکانەن.

لەڕوی مێژوییەوە لەوچرکەساتەوە پێناسەی ئێمە گۆرانکاری بەسەردا هات ، هەرگیز هەڵەبجە نابێتەوە بەوشارەی پێشو نە لەڕوی کەلتور و رۆشەنبیرییەوە نە لەروی سروشت و جوانییەوە بەڵکو هەتا هەتایە هەڵەبجە ئەو شارەیە کەسەدام بەگاز ژەهراوی کرد، سەیرە نەزانن کە چەکی کیمیاوی بە چەند چرکەیەك فرێ دەدرێتە خوارەوە بەڵام بەسەدان ساڵ کاریگەرییە خراپەکانی بەردەوام ئەبێت.

ئێمە دەربازبوین نەك قوربانی ئێمە شایەتحاڵین و هەمیشە شایەتی ئەدەین لەسەر ئەو توندوتیژی وئازارانەی بەسەرمان هات ، ئێمە ئەزانین وڵاتە ئەوروپییەکان کیمیابارانی ئێمەیان نەکردوە، بەڵام هەمان کات ئەزانین کە ڕژێمی بەعسی سوری وعێراقی بەبێ هاوکاری وڵاتە ئەوروپیەکان هەرگیز خاوەنی

ئەو تەکنەلۆجیاوتوانایە نەئەبوون ئەم جۆرە ژەهرانە بەرهەم بهێنن ، کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا هاوکاری عێراقیان کرد لە دروستکردنی ئەم کارگانە بەناوی کارگەی ژەهری قەلاچۆکردنی مێش و مەگەز و مێرولە ، هەمان کات کەل و پەل و ئامێر و تەکنەلۆجیا لەولاَتانی وەك فەرەنسا و نەمسا ، وە کۆمپانیا ئیتالی و ئیسپانیەکانیش لە پێدانی قەوانی بۆمبە کیمیاویەکان ، هەروەها لەم دواییەش ئاشکرا بوو کە کۆمپانیا بەریتانی و ئەڵمانیەکان بەشدارن لە پێدانی کەل و پەل و تەکنەلۆجیا بەڕژێمی سوری بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی هەربۆیە ئەوروپا بەشدارە لەو تاوانەی بەرانبەر بە ئێمە ئەنجام دراوە .

بەهەڵە لێمان تێ مەگەن ، ئێمە پرسیاری داوای لێبوردنتان لێ ناکەین وە ماندو بوین لە دانانی تاجە گولینەو پشاندانی هاوخەمیتان ، ئێمە پێویستمان بە قەرەبوکردنەوەی ئێوەش نیە ، بەلاَم ئێمە داوای ئەم کردارانەتان لێ ئەکەین :

بەپەلە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە سوریا یان لە هەرجێیەکی دیکە ڕابگیرێت .

بەپەلە هاوکاری تەندروستی و دەرمان بۆ بریندارانی ناوچەی غوتە لە سوریا و شوێنەکانی دیکە دابین بکرێت .

بەپەلە کار لەسەر کاریگەریە درێژخایەنەکانی چەکی کیمیاوی لە کوردوستانی عێراق و ئێران بکرێن .

بەپەلە کار لەسەر ئەوە بکرێت کۆمپانیا ئەوروپیەکان خۆیان بەدور بگرن لە بازرگانی ومامەلە بە ئامراز و تەکنەلۆجیای کیمیاوی لەگەڵ ڕژێمە مەترسیدارەکان ئەمە تەنها بازرگانی نیە بەڵکو ئامرازێکە بۆ قڕکردن و کوشتنی هاولاَتیانی مەدەنی .

لە کوردوستان لەلایەن ئەم بەریزانە واژۆ کراوە :

| ژ. | ناوی سیانی | تەمەن | شوێن | کاتی کیمیاباران ، شوێن ، ژمارەی کەس و کار . |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ئاراس عابد ئەکرەم | ٤٢ | هەلەبجە | ١٦-٣-١٩٨٨ ، هەلەبجە ١٢ کەس لە خێزانەکەم دایك و باوك و خوشك و براو چەندین کەس و کارم بەکیمیاوی شەهید بوون و خۆشم بریندار بووم . |
| ٢ | هەندرین حمد بالیسانی | ٣٣ | بالیسان | ١٦-٤-١٩٨٧ باوك و دایك و خوشك و برایەکی لەگەڵ چەندین خزم و دراوسێم بە کیمیاوی شەهید بوون. |
| ٣ | بەختیار لتیف عبدالقادر | ٤٣ | گۆپتەپە | ١٩٨٨.٣.٥،دایك وباوك ٥خوشك وبرایەك ،٢٢کەسی نزیکی بەکیمیاباران شەهیدبوون |
| ٤ | مستەفا قادر ئیسماعیل | ٤٦ | گۆبتەبە | ١٩٨٨.٣.٥ دایك،٣برا ٥خوشك ٦ئامۆزا مامیکی لەکیمیابارانی گۆبتەبە دا شەهیدبووە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | حكمت فايق عارف | ٤٢ | هەلەبجە | ١٦-٣-١٩٨٨ ، هەلەبجە ١٠ کەس لە خێزانەکەم دایك و باوك و خوشك و براو چەندین کەس و کارم بەکیمیاوی شەهید بوون |
| ٦ | لوقمان عبدوالقادر | ٤٣ | هەلەبجە | ١٦-٣-١٩٨٨ ، هەلەبجە ٥ کەس لە خێزانەکەم دایك و باوك و خوشك و براو چەندین کەس و کارم بەکیمیاوی شەهید بوون و خۆشم بریندار بووم |
| ٧ | کامیل عبدوالقادر ویس | ٤٢ | هەلەبجە | ١٦-٣-١٩٨٨ ، هەلەبجە ٨ کەس لە خێزانەکەم دایك و باوك و خوشك و براو چەندین کەس و کارم بەکیمیاوی شەهید بوون و خۆشم بریندار بووم |
| ٨ | عسمان محمد عبدولاَ | ٣٥ | هەلەبجە | ١٦-٣-١٩٨٨ ، هەلەبجە ٢ کەس لە خێزانەکەم دایك و باوك وچەندین کەس و کارم بەکیمیاوی شەهید بوون و خۆشم بریندار بووم . |
| ٩ | جەلال حسین وحیدی | ٤٣ | سەردەشت | لە ٢٨-٧-١٩٨٧ جەلال ناوی خوازراوی کەسیکە لە کیمیابارانی سەردەشت بریندار بوو ، لەم رۆژەدا ١٣١ هاولاَتی کوژران و نزیکەی ٨٠٠٠ کەس بریندار بوون . |
| ١٠ | زمناکۆ عەلی هەڵەبجەیی | ٢٧ | هەلەبجە | لەکاتی کیمیابارانی هەلەبجە تەمەنی ٣ مانگ بوە ، ٦ ئەندامی خیزانەکەی لە خوشك و برا شەهید بوون و خۆشی لەلایەن خیزانیکی ئیرانی پەروەردە کراوە ، لە ساڵی ٢٠٠٩ دوای ٢٢ ساڵ گەرایەوە بۆ لای دایکی و ئیستە نیشتەجیی شاری سلیمانیە و لەزانکۆی ئەمریکی ئەخوێنێت . |